# پەڵێننامەی ئاسایش

هێزی پۆلیسی ناوچەکەت پاڵپشتی ئەو هاوڵاتیانە دەکات کە ملکەچی یاسا دەبن وە کۆڵنەدەرانە شوێنی تاوانکارانیش دەکەون بۆ ئەوەی تۆ و دراوسێکانت بپارێزن لە زیان لێکەوتن.

ئێمە:

- هەمیشە بە یەکسانی و بەڕێزەوە مامەڵەت لەگەڵ دەکەین وە دڵنیایی ئەوەبین کەوا تۆ بە تەواوی خزمەتگووزاریەکانی ئێمەت چنگ بکەوێت لەوکاتانەی کە شیاو و درووست بن بۆت.

زانیاریت بۆ دابین دەکەین بۆ ئەوەی بزانیت تیمی ئاسایشی دراوسێیەتی کێ یە ، بنکەکەیان لە کوێیە، چۆن پەیوەندیان پێوە بکەیت وە چۆن کاریان لەگەڵدا بکەیت.

- دڵنیا بین کە تیمی ئاسایشی دراوسێیەتی و پۆلیسە پاسەوانەکانی تر دیاربن وە لە ناوچەکانی ئێوەدابن لەوکاتانەی ئەوان زیاتر لە کاردان وە کەی تۆ بتوانیت بە ئێمە بڵێیت ئەوکاتانەی تۆ زیاتر پێویستیت بە ئەوانە.ئێمە دڵنیایی ئەوەدەکەین تیمەکەت لا نەبەن لە کاروبارەکانی دراوسێیەتیەکەت زیاتر لەوەی کە زۆر پێویست بێت. ئەوان 80% کاتەکانیان دەکوژن بۆ کارکردنی بەرچاو لەگەڵ دراوسێیەتیەکانی تۆدا، بۆ چارەسەرکردنی شتە گرنگەکاندا . گۆڕینی فەرمانبەرەکان کەم دەکەینەوە.

وەڵامی هەموو داواکاریەکانت بدەینەوە کەوا ئاڕاستەی تیمی ئاسایشی دراوسێیەتیەکەت دەکەیت لە ماوەی 24 کاتژمێردا ، وە لە کوێدا پێوویستە، بتوانین بە زووترین کات وەڵامی زیاتر وورد بدەینەوە.

- بەهیواین وەڵامی تەلەفونەکانی 999 لە ماوەی 10 چرکەدا بدەینەوە، بەهانای لەناکاوەکان دێین وە یەکسەر پێت دەڵێین ماوەی چەند دەخایەنێت ، بە سەلامەتی و بە خێرایی تۆ بێنین. ئێمە بە هیوایین لە ناو شاردا بگەینە لات لە ماوەی 15 خولەکدا وە 20 خولەك لە دەرەوەی شاردا.

بەباشی وەڵامی هەموو ئەو تەلەفونانە دەدەینەوە کەوا لەناکاو نین

ئەگەر سەردانکردن پێویست بوو، پاسەوانێك دەنێرین وە پێت دەڵێین بە ماوەی چەندێك دەگاتە لات لەگەڵ:

- ئەگەر تۆ لاواز یان غەمبار بوویت ئەوا لەماوەی 60 خولەکدا دەگەینە لات.
- ئەگەر تەلەفونەکەت لەسەر مەسەلەیەکە کە ئێمە لەسەری ڕازی بووین لەگەڵ کۆمەڵگاکەی تۆدا ئەو کاتە دراوسێیەتی دەسپێشخەری لەسەردەکات وە پێویستە سەردانت بکەین، ئێمە بە هیوایین لە ماوەی 60 خولەکدا بگەینە لات.
- لەباتی ئەوە، ئەگەر شیاو بێت ، ئێمە ژووانێکت لەگەڵ ساز دەدەین لە ماوەی 24 کاتژمێردا بۆ ئەوەی بتبینین لەکاتێکدا کە بگونجێت لەگەڵ ژیانتدا.
- ئەگەر ڕازی بووین لەسەر ئەوەی کە پێوویست بە سەردان کردن ناکات لەو کاتەدا ئێمە ئامۆژگاریت دەکەین، وەڵامی پرسیارکانت دەدەینەوە لەگەڵ / یان ڕەوانەی لای کەسێکت دەکەین بتوانێت یارمەتیت بدات.

لێستەر، ناوچەی لێستەر لەگەڵ ڕوتلاند

بە لایەنی کەمەوە یەك جار لەمانگێکدا چاوپێکەوتنی بەردەوام ڕێکدەخەین لەگەڵ هاوڵاتیان بۆ ڕازی بوون لەسەر بابەتە سەرەکیەکان، هەلت بۆ دەرەخسێنین بۆ ئەوەی دیدەنی بکەیت لەگەڵ تیمە ناوخۆکان دا لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگەدا. ئەمانەش بابەتەکانی وەك عیادە، کورتەباسی شەقام لەگەڵ سەردانەکانی بنکەی پۆلیسی بزۆك کە ڕێك دەخرێت بۆ جێبەجێکردنی پێداویستی و داواکاریەکانی ناوخۆ.

- دابین کردنی هەواڵە تازەکانی مانگانە لەسەر پەرەسەندن ، لەگەڵ تاوانەکانی ناوخۆ و بابەتەکانی ئاسایش. ئەمەش ئامادەکردنی نەخشەکانی تاوان، زانیاری لەسەر تاوانە دیاریکراوەکان لەگەڵ چی بەسەر ئەوانەدا هات کە هێنران بۆ بەردەم دادگا، وردەکاری لەسەر ئەو کارانەی کە ئێمە و هاوکارانمان دەکەین بۆ سەلامەتتر کردنی گەڕەکەکەت لەگەڵ زانیاری لەسەر هێزەکان وە چۆن هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی کارەکانیان.

  ئەگەر تۆ تاوانت لێکرا ئەوکاتە لەگەڵت ڕازی دەبین چەند جار تۆ دەتەوێت ئاگاداربکرێیتەوە سەبارەت بە پەرەسەندنی مەسەلەکەت وە بۆ ماوەی چەندێك. تۆ مافی ئەوەت هەیە کە بە لایەنی کەمەوە مانگی یەك جار ئاگادار بکرێیتەوە ئەگەر تۆ بتەوێت وە هەتا کەی لەبار بێت.

- ئاگادارمان بکەرەوە دەربارەی هەچ نارەزاییەك هەیە لەگەڵ ئەو خزمەتەی پێشکەشت کراوە لەماوەی 24 کاتژمێردا کە ئێمەت ئاگادارکردۆتەوە. بۆ یارمەتیدانمان لە چارەسەرکردنی مەسەلەکە بەتەواوی، ووتووێژت لەگەڵ دەکەین کەوا چۆن مامەڵەی دەکرێت، هەل بۆ تۆ دەرەخسێنین بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسێك قسە بکەیت دەربارەی مەراقەکانت وە ڕازی ببین لەگەڵ تۆدا کە چۆن بە خێرای وە چی بکرێت باشە بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەکە.

ئێمە دەمانەوێت هەرچی لەتوانامان‌دا بێت بۆ تۆی بکەین بەڵام ئەگەر ئێمە سەرکەوتو نەبووین لە بەڵێنەکانمادا ئێمە هەمیشە ڕوونی دەکەینەوە بۆچی نەمانتوانیوە ئەو جارە ئەو خزمەتە پلە بەرزەی خواستی ئێمەیە و شایستەی تۆیە پێت ببەخشین.